# گرێی سەرۆکایەتی!!

مەهاباد قەرەداغی

ل ە دوای سەددامی دیکتاتۆر کێ دەبێتە سەرۆکی عێراق؟!
لە دوای نۆی ئەپریلەوە زۆر لەو سیاسەتمەدارانەی کە گرێی سەرۆکایەتییان هەیە دەیانەوێ ببنە وەلاّم بۆ ئەو پرسیارە و، خاوەنی کورسییە خوێناوییەکەی، کە سەددام بە زەبری ئاگر و ئاسن لە سەری هێنرایە خوارەوە!
دوێنێ هەواڵەکان سەیرترین دیاردەی سەرۆکایەتییان ڕایانگەیاند، کە سەیرترینە لە مێژوودا!
عێراق نۆ سەرۆکی دەبێت!!!!!!!
هەر یەک لەم سەرۆکانە بۆ ماوەیەکی کورت و پشتاوپشتی یەک، دەبن بە سەرۆکی عێراق! لە ناو ئەم نۆ پیاوەدا دوو کوردیش هەن، جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی.
پێدەچێ ئەمریکا بە تەواوی لە باری دەروونی سیاسەتمەدارەکانی عێراق و کوردستان کۆڵیبێتەوە و بە جوانی بۆی روون بووبێتەوە کە لە ناو ئەم گەلانەی ناوچەکەدا گرێی سەرۆکایەتی هەیە و، ئەم شێوازە سەیر و سەمەرەیەی کە لە جۆری خۆیدا لە هەموو جیهاندا تاکە و لە مێژوودا وێنەی نییە (کە وڵاتێک نۆ سەرۆکی هەبێت!) ویستوویەتی ئەم ویستە غەریزییەی سیاسەتمەدارەکان کپ کاتەوە و تێر کات، هاوکات وەک تیراپییەکی دەروونیش گرێی سەرۆکایەتییان بۆ بکاتەوە!
ئەم نۆ کەسە بە کردەوە هەر یەکە و مانگێک یان لای زۆر چل ڕۆژ سەرۆکی عێراقن! بەمەش ئەو ئاواتەی کە ساڵەهای ساڵ هەیانبووە و خوێنی خەڵکیان لە پێناویدا ڕژاندووە، دێتە دی و هەر یەکە و تاوێک بە کورسییە ئەفسووناوییەکە شاد دەبن!ئەوەی لەم هاوکێشەیەدا بۆ گەلی ئێمە بە تایبەت کارەساتە ئەوەیە لە پێناوی دوو مانگ دانیشتنی ئەو دوو پیاوە کوردە و شادبوونیان بە کورسی حوکمی عێراق، هەموو دۆزی کورد و هەموو کوردستان، ئەمجارەش لەدەست بچێ! ئەمەیە کارەساتی گەورەی دوای کارەساتە گەورەکان!هەڵەبجە و ئەنفال!
. . .

2003-7-30

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لێی بەرپرسیارنییە.